# نامەیەکی کراوە بۆ بەڕێز کوفی ئەنان
# سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان

**ئەمیر داود**

**لە دەقی بەندی سێیەمی جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤی ساڵی 1948 هاتووە هەر کەسێك مافی ژیان و ئازادی و ئاسوودەیی شەخسی هەیە.**

**بەڕێزەکەم بەدرێژایی شەڕی هەشت ساڵەی نێوان عێراق و ئێران، کوردستان دووچاری زۆر دیاریدەی ناشرین و پڕ لە ناهەمەتی بووە، هەندێك لەم دیاریدانە ئێستاش بۆتە نەخۆشیەکی کوشندە بۆ خەڵکی کوردستان، یەکێك لەوانەش چاندنی (مین)! بووە هەموو ئەوانە هەرێمی کوردستانیان بینیبێ چاك دەزانن بۆ هەر لایەکی کوردستان بڕۆیت مەرگێك چاوەڕێتە، لەنێو هەر شاخێك و چیا و قەدپاڵ و لاپاڵێکی ئەم کوردستانە، لەنێو هەر دەشتێك و کەنار و رووبارێکی ئەم کوردستانە چەندین تەلبەندی دڕکاوی دروستکراوە، هێمای مەرگێك لەتەنیشتیانەوە خۆی مەڵاس داوە، مینە جۆراوجۆرەکانی ئەم خاکە چاوەڕوانی دەست و قاچی منداڵی کورد و خەڵکی بێ تاوانی کوردستانە بۆ ئەوەی بگەنە سەری و بیان تەقێنێتەوە، ئەو مەرگە دەماودەمە تاوەکو ئێستا هەر ماوە و هەر دەمێنێ لە کوردستان. دوژمنانی کورد لە جیاتی گوڵ و نەمام بچێنن بۆمان مین و تەقەمەنیان بۆ چاندووین لە کوردستان، بۆ هەر لایەکی ئەم وڵاتە دەڕۆییت هێمایەکی مین قوت کراوەتەوە، مەرگی ناکاومان پیشان دەدات بەدەست و قاچ قرچاندن سڵاومان لێ دەکات.**

**هەرێمی کوردستانی عێراق ئەو ماوەیەی شەڕی عێراق و ئێران بووە مەیدانێکی زۆرانبازی نێوان ئەم دوو دەوڵەتە زلهێزە هەردوو وڵات تەخسیریان نەکرد لە مین ڕێژکردنی خاکی کوردستان بۆیە ئەم ناوچەیە بووە یەك پارچە مین، ئەوەی لێرە کێشەی بۆ دروست کردووین ئەوەیە حکومەتی عێراقی تاوەکو ئێستا نەخشەی کێڵگەی ئەو مینانەی نەداوەتە کوردستان تەنانەت نەیداوە بەو ڕێکخراوە مین هەڵگرانەی کە بەهۆی بڕیاری 986ی UN لە کوردستان مین هەڵدەگرنەوە، هەرچەندە تاوەکو ئێستا بەرپرسانی UN زۆر جار داوای نەخشەی کێڵگەی مینیان لە حکومەتی عێراقی کردووە، بەلام حکومەتی عێراقی نەك نایانداتێ بەڵکو دان بەوەش دانانێ کە کوردستانی مین ڕێژ کردبێ. جا ئێستا بۆ ئێمەی کورد باشترین هەلەیە بۆ ئەوەی لەلایەن ئێوەوە فشار بخرێتە سەر حکومەتی عێراقی بۆ ئەوەی نەخشەی کێڵگەی مین بداتە هەرێمی کوردستان.**

**چونکە ئەو هەموو قوربانییانەی ژەهری کیمیاوی و ئەنفال با بەس بێ بۆ ئەوەی گەلی کورد ئەوەندەی ماوە بەهۆی ئەو مینەش نەچێ کە مەزندە دەکرێ 10 تاوەکو 12 ملیۆن مین لەو هەرێمە بچووکە هەبێت. ئەو ژمارە زۆرەی مینەش بەبێ نەخشە زۆر ستەمە ئەوا زوو بێتە پاککردنەوە جا لێرەدا دووبارە داوا لە بەڕێزتان دەکەینەوە کەوا هەوڵێك بدرێ بۆ ئەوەی نەخشەی مین لە رژێمی عێراق بسندرێت بۆ ئەوەی لەمەودوا چیتر منداڵی کورد و لاوی کورد نەبنە قوربانی پاشماوە رژێمی عێراق.**

amirdawod@yahoo.com

## تێبینی کوردستان نێت:

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیر و بۆچونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونە (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە. لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسینێکدا دەنووسرێت..... 15-1-2003